هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٣٦) لە ٢٠١٩/١١/١٣

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤) لە ٢٠١٩/١١/١٦، و ئاماژە بە ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە کە لە کۆبوونەوەی ئاماژەپێدراودا پێشکەشکرا، بڕیاردرا بە:

١. پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر ڕاسپاردەکانی هاتوو لە ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە بە تایبەتی بابەتەکانی بودجە و میلاك و بەرنامەی چاکسازی (پێشمەرگە لە ئایندە)دا و دەستەبەرکردنی مافە دەستوورییەکانی هێزی پێشمەرگە و دابینکردنی پێداویستییەکانیان و پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی یاساکانی پەیوەندیدار بە پێشمەرگە:

أ) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

ب) وەزیری کاروباری پێشمەرگە.

ج) وەزیری ناوخۆ.

د) وەزیری دارایی و ئابووری.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران